==========================================================

## چەمك و مانای شێواز

دەبێ چەمکی شێوازگەرایی وەکو میتۆدێکی ڕەخنەیی ڕوون بکرێتەوە . دیارە لە زووەوە لێکۆڵەران سەرنجی جوانناسی زمانی ئەدەبی یان ئێستاتیکای دەقی ئەدەبییان داوە و هەوڵیان داوە خاسیەت و پێکهاتە و ئاستە جیاوازەکانی دیاری بکەن لە پێناو دەرخستنی توانای شاراوەی زمان و دیاریکردنی شێوازەکانی دەقی ئەدەبی لەوەی تا چەند دەتوانێ کاریگەری و ئەرکی ئێستاتیکی ببەخشێت .وشەی شێواز لە زمانی قسەکردنی ئاسایی و لە بوارە جیاجیاکان : ( کارگێڕی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و دەروونی و هونەری و زمان و ئەدەبی ... هتد ) بەکار دەهێنرێت . بۆیە زۆر واتا و چەمکی جیاوازی هەیە . لە بواری زمانەوانیدا لە مێژە پێناسەی شێوازیان کردووە و پێیان وایە کە شێوازی ئەدەبی لقێکی شێوازی زمانییە و لەو باوەڕەدان کە شێواز تەنیا بە ( هەڵبژاردنی وشە + لادان لە زمانی پێوانەیی* - زمانی قسەکردن - ) . ( شارلبالی ) کە بە دامەزرێنەری شێوازگەرایی ناودەبرێت ، زانستی شێواز وەها دەناسێنێ : (( ئەو زانستەیە لە ڕەگەزەکانی زمان دەکۆڵێتەوە کە تا چەند ناوەرۆکەکەی دەربڕ و کاریگەرە )) . ئەو وای دەبینێت کە زمان لە ئاڕاستەی خۆیدا بارگاوی کراوە . هەر بۆیە واقیعی زمانەوانی یان خیتاب بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات :

1- ئەو گوتارەی کە خودی خۆی هەڵگرتووە و بە هیچ بارگاوی نەکراوە .
2- ئەو گوتارەی هەڵگری سۆز و وروژانە .

ئەوەی وا لە شێواز دەکات کە وەک زانستێکی تایبەت بە ئەدەب بایەخی پێبدرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە شێواز لە پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبیدا تەنیا بایەخ بە وشە و زمان نادات . وەک ئەوەی کە زمانەوانان بۆی چوون ، بەڵکو بایەخ دەدەن بە تەکنیکی وەسف و وێنەی هونەری و گشت ئەو کەرەستە زمانی و شێوە هونەرییە ئەدەبییانەی کە نووسەرێک لە دەقە ئەدەبییەکانیدا بەکاری دێنێت و بە هۆیەوە دەبێتە خاوەی شێوازێکی تایبەت بەخۆی کە جیای دەکاتە لە نووسەرانی تر .

## گرنگی و بەهاو کاریگەری شێواز

شێوازگەرایی زانستێکە لەو دیاردە ئەدەبییە دەکۆڵێتەوە کە بە هۆی ڕەگەز و خاسیەتە تایبەتییەکانی زمانەوە بنیات نراوە . کە ئەرکێکی دوولایەنەی لە ئەستۆدایە . ئەویش: (گەیاندن و کاریگەرییە ) .

شێوازگەرایی هەوڵدەدات لە هەڵبژاردنەکانی نووسەر بکۆڵێتەوە ، کە لە هەموو دەقێکی ئەدەبیدا دوو لایەن بەرجەستە دەکات : ( چێژ و بەهای جوانناسی ) . دەق دەوڵەمەند دەکات و گرنگی پێدەدات ، بە پێچەوانەی ڕێبازە ڕەخنەییەکانی تر کە هۆکارێک بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەرەکی پەیوەند بە بارودۆخێکی مێژوویی یان بەخششێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی یان هەر هۆکارێکی تر کەوا دەکات کارتێکردنەکە تەنیا لە ڕێگەی ئەوەوە بێت .

بەم پێیە ڕەخنەی شێوازگەری سیفەتێکی زانستی هەیە ، چونکە لە دەق خۆی ولە ناوەوەی دەق دەکۆڵێتەوە . ئەوەش لە ڕێگەی جەخت کردنە سەر ڕەگەزە شێوازگەرییەکانی دەق خۆی ، و پەیوەندی نێوان ئەو ڕەگەزانە و ئەرکی شێواز و جوانناسیان .

کەواتە لێکۆڵینەوەی شێوازگەری تەنیا سەرنجی پەیوەندی ڕەمز و هێماکانی زمان لەگەڵ یەکتر نادات . بەڵکو سەرباری ئەوە پەیوەندی پتەوی نێوان ( بیرکردنەوە و دەربڕین ) دەدات . بە شێوەیەک کە پەیوەندی نێوان بیر و دەربڕین تا چەند کاریگەریشیان بەسەر یەکترەوە هەیە . بەم هەنگاوەش لێکۆڵینەوەی شێوازگەرایی لە ئاستی وەسفییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستی بە ئەدەب بوونی دەق و دەلالاتە شاراوەکانی شێواز دەگوازرێتەوە .

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بووترێت : شێوازگەرایی ، لێکۆڵینەوەی لایەنە شێوازگەرییەکانی دەقی ئەدەبییە ، بە هۆی هۆکارە جیاوازەکانی دەربڕینی و پێکهاتەکانیان ، وەک وشە ، وێنە ، باری ڕێزمانی و مۆسیقییە ، کە لێکۆڵەر لە ڕێگەی ئەمانەوە دەتوانێت هۆکاری دەروونی و کاریگەرییە ستاتیکییەکان دیاری بکات .

## ئەرك و مەبەستی شێواز

لێکۆڵەران بەیەک پێوەر لە ئەرک و مەبەستی شێوازگەریی ناکۆڵنەوە . ئەرک و مەبەستی شێوازیش بە پێی شێوازگەری کۆن و نوێ و ئاڕاستەکانیان دەگۆڕێت . چونکە کار و ئەرکی شێوازگەری لە کۆن و ئێستادا وەک یەک نین و جیاوازن . بۆیە بە کورتی و بەجودا باسی هەریەکەیان دەکەین :

1- **شێوازگەری کۆن** : لە شێوازگەری کۆندا دوو ئاڕاستە هەبووە :

<u>ئاڕاستەی یەکەم</u> : ئەم ئاڕاستەیە شێوازی دەربڕینە ، شێوازگەری تەنیا بە زمانەوە دەبەستێتەوە . ، پشت بە بنیاتی زمانەوانی و ئەرکەکانی لەناو سستمی زمانەوانیدا دەبەستێت . واتە لە چوارچێوەی زمان دەرناچێت و گرنگی بە ئەنجامەکانی دەدات و بە زانستی واتا پەیوەستە.

<u>ئاڕاستەی دووەم</u> : ئەم ئاڕاستەیە شێوازی تاکە ، شێوازگەری تەنیا بە ئەدەبەوە دەبەستێتەوە ، کە لە واقیعدا ڕەخنەیە لە شێواز ، لە پەیوەندی دەربڕین بە ( تاک و کۆمەڵ ) دەکۆڵێتەوە . بەمەش ئەرک و مەبەستی شێواز ڕووی دەرەوەیە و هۆکارەکان دیاری دەکات . گرنگی بە هۆکارەکان دەدات و پەیوەستە بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە .

2- **شێوازگەری نوێ** : ئەرک و مەبەستی شێوازگەری نوێ جیاوازە لە ئەرک و مەبەستی شێوازگەری کۆن ،چونکە لە شێوازگەری نوێدا گرنگی دەدرێت بە هەردوو لایەنی ( زمان و ئەدەب ) لەسەر سێ ئاست کاردەکات :

أ- <u>ئاستی زمان</u> : لە ناو دەقدا لە نیشانە و کۆدەکانی زمان دەکۆڵێتەوە .

ب- <u>ئاستی ئامانج و سوودمەندی</u> : لە لایەنە نازمانییەکانی وەک : ( نووسەر ، خوێنەر ، هەڵوێستی مێژوویی ، ئامانج و پەیان ... هتد ) دەکۆڵێتەوە .

ج- <u>ئاستی جوانی ئەدەب</u> : لە کاریگەری دەق لەسەر خوێنەر و بنەماکانی جوانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە .

## ڕەهەندە سەرەکییەکانی شێواز

لەو پێناسانەی کە بۆ شێواز و شێوازگەری کراون ، زۆربەیان بە دەوری سێ بابەتی سەرەکیدا دەخولێنەوە ، کە ئەوانیش بریتین لە:( <u>بینینی تایبەت</u>، <u>هەڵبژاردن</u>، <u>لادان لەباو</u> ) .

1. **بینینی تایبەت :**

( مارسیل برۆست ) دەڵێت : (( شێواز وەکو هەندێ بۆی دەچن ، ڕازاندنەوە و چنین و مەسەلەی تەکنیک نییە ، بەڵکو وەک ڕەنگ وایە لە وێنەدا ، ئەمە خاسێتێکی بینینە ، کە جیهانی تایبەت ئاشکرا دەکات و هەریەکێک لە ئێمە ئەو خاسیەتە بە جۆرێک دەبینن )) . ئاشکرا دەکات ، ئەو جیهانەی کە هەریەکێک بە جۆرێک لێی دەڕوانێت و لێکی دەداتەوە ، ئەو بینینە جیاوازانەش بەهۆی دەربڕینی جیاوازەوە دەردەبڕێن . لای هەر نووسەرێکیش بە زمانێکی تایبەت دەردەبڕێن و خۆی لە کۆمەڵە وشە و دەستەواژە و ڕستەیەکدا دەبینێتەوە کە تایبەتن بە خودی خۆی .

هەر تاکێک توانای تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دەربڕینی ئەو بیرەی بە لای ئەم نووسەرەوە شێواز وەکو ڕەنگ وایە لە وێنەدا کە هەریەکێک لە ئێمە بە جۆرێک ئەو ڕەنگە دەبینێ و لێکی دەداتەوە . کەواتە شێواز خاسیەتێکی بینینی نووسەرە ، بە هۆیەوە جیهان کە هەیەتی . لە ڕێگەی ئەو زمانەوە کە هەڵیدەبژێرێت بۆ دەربڕین .

نووسەری بەهرەمەند و بەتوانا دەتوانێت دەرک بە گرنگی و بایەخی ئەو بەکارهێنانە تایبەتییەی زمان بکات و بناغەی داهێنانەکەی خۆی دابنێت و مامەڵەیەکی هوشیارانەی لەگەڵدا بکات و بە شێوەیەک زمانەکەی بەکاربهێنێت بتوانێت لە ڕێگای ئەو زمانەوە دەنگی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە .

هەربۆیە دەبینین زۆرجار مەرجی سەرەکی سەرکەوتنمی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبەسترێتەوە بەو بەکارهێنا تایبەتییەی زمان . ئەمەش مانای سەربەستی بوونە ، بەڵام سەربەستیش سنووری خۆی هەیە . پێویستە نووسەر ئەو سنوورە نەبەزێنێ . هەموو کەسێک ئازادە لەوەی دەیڵێ و دەری دەبڕێت . بە مەرجێک بەرامبەرەکەی لێی تێبگات . چونکە زمان لە بنچینەدا ئامڕازی گەیاندنە . ئەم مەبەستەش نایەتە دی گەر بەرامبەرەکەی تێینەگات .

شێوازی هەر نووسەرێکیش پەیوەندی هەیە بە لایەنی دەروونی نووسەرەکەوە ، ڕوانینی بۆ شتەکان و شیکردنەوەیان و سروشتی هەڵچوونەکانی تیا دەردەکەوێ . بۆیە دەق ڕەنگدانەوەی کەسیەتی نووسەرە .

## 2. هەڵبژاردن

شێواز هەڵبژاردنە ، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی هۆکارەکانی دەربڕین دێتە ئەنجام . ئەو هۆکارانەی سروشت و مەبەستەکانی کەسی قسەکەر یان نووسەر دیارییان دەکات .

**لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد زەرەرتانە**
**هەموو تەئریخی عالەم شایەدی فەزڵ و هونەرتانە**

( ئەحمەد موختار بەگی جاف )

هەڵبژاردن لێرەدا لە نێوان دوو ڕستەی ( وشیار بنەوە = لە خەو هەستن ) دایە .

دیارە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنیش بۆ بێ توانایی ، یان بە توانایی وشە دەگەڕێتەوە . ئەو هەڵبژاردنەی شێوازی لێدەکەوێتەوە هەڵبژاردنی کەرەستە و هەڵبژاردنی ڕێزمانییە .

**مەڕوانە بە ڕوومەت کە وا ئەمڕۆ گوڵی تاکی**
**بڕوانە سبەینێ کە لەنێو دامەنی خاکی** (هەردی )

مرۆڤ لە کاتی بەکارهێنانی وشەکانی زماندا توانای هەندێک لەو وشانە لە توانای هەندێکی تریان بە باشتر دەزانێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی ، بۆیە زیاتر ئەو وشانە بەکاردەهێنێت .

**بەناڵەم ئاسمان گریا**
**من مەجنوونی جەمالێکم**

نووسەران لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەڕواننە کرداری هەڵبژاردن . هەندێکیان وای بۆ دەچن کە ئەم کردارە بریتییە لە بەرجەستە کردنی مانایەک کە پێشتر بە شێوەیەکی زۆر وردبین وێنەی کێشراوە .

**لەگەڵ تەنیایی گوزەر دەکەم و**
**سەگێکیش نییە ببێتە هاوڕێم**
**گورگ لە دەورم چنگە کرە دەکا**
**خەریکە کەڵپەی نقوم کا لە پێم**

زانای زمانەوانی ( چۆمسکی ) جیاوازی شێواز دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەستەواژانەی کە لە مانادا هاوواتان . بەڵام لە داڕشتندا جیاوازن . واتە ئەو وشە و دەستەواژانەی یەک مانا دەگەیەنن و لە داڕشتنی زمانەوانیدا جیاوازن . بۆیە دەتوانرێ بوترێ لە شێوازدا جیاوازن .

بۆ نموونە : وشەکانی ( خۆشەویستی ، سۆز ، ئەوین ، ئیشق ، دڵداری ، مەحەبەت ... هتد ) دەتوانرێت بۆ یەک مانا بەکاربێت کە ئەویش ( سۆز و ئەوین ) . ئەمانە لە شیعردا بەکارهاتوون . هەروەک چۆن وشەی ( جوان ، زیبا ، قەشەنگ ، مانگ ، خورشید ... هتد ) بۆ جوانی و هاوشێوەی جوانی بەکار هاتوون . ( ئازا ، بوێر ، بە جەرگ ، شێر ، پاڵەوان ، چاونەترس ، ... هتد ) هەموویان بە مانای ئازایی دێن . یان ( هاوتا ، وێنە چەشن ، وەک ، تەرزی ، میسلی ، عەینی ، ... هتد ) .

کەواتە شێوازی هەڵبژاردن باشترین شێوازە کە نووسەران دەتوانن بە ئاسانی کاری لەسەر بکەن و کارکردنەکەش زیاتر لەسەر ڕوخساری دەرەوەی دەقە ، بە پشت بەستن بەو کەرەستە زمانەوانیانەی ناوەڕۆکی دەقەکەیان لەسەر بنیات دەنرێ .

3. **لادان لە باو** :

لادان لەباو بە ئاماژەیەکی بە ئەدەب بوونی دەق و شیعرییەتی دەق دادەنرێت . لە هەندێ لەو پێناسانەی کە بۆ شێواز کراوە ئاماژە بەوە دەکەن کە (( شێواز لادانە لە باو )) . واتە لادان لە باو بە پێوەری سەرەکی شێواز دادەنێن . یان بە مانایەکی تر بە بێ لادان لە باو شێواز دروست نابێ .

کاتێک زمانی ئەدەبی یاساکانی زمانەوانی دەشکێنێت ، یان لەو شێوە باوەی زمان دەردەچێت کە خەڵکی لەسەری ڕێککەوتوون ، یان ڕاهاتوون ، ئەوا لە مانا فەرهەنگییەکەی دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی ناوێکی نوێ لە شتەکان بنێ .

گەر لە ڕووی زانستییەوە سەیری دیاردەی ( لادان لە باو ) بکەین ، ئەوا شێوازناسان وای دەبینن کە هەرکاتێک بەکارهێنەری زمان لە هەیکەلی واتایی ، یان لە شێوە ڕێکخستنەکانی زمان و ڕێساکانی دەرچوو ئەوا ئاخاوتنەکە لە خاسیەتی هەواڵەوە دەگوێزرێتەوە بۆ خاسیەتی داڕشتن .

**زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم**
**زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم** ( گۆران )

ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی لادان لە باو ، لە زمانی ئاساییدا ، دەوترێت :

قژی زەرد زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم

چاوی شین پرشنگی زۆری داوە لە چاوم

لە لایەکی تریشەوە خۆر پرشنگ دەدات نەک چاو ، ئەمەش لادانێکی ترە .

زمانی ئەدەبی جیاوازە لە زمانی ئاسایی قسەکردن ، لە زمانی ئەدەبیدا هەندێ خاسیەتی دیاری کراو هەیە کە بە هۆیانەوە لە زمانی ئاسایی جیا دەکرێتەوە . چالاکی لە زمانی ئەدەبیدا زیاتر لە زمانی ئاسایی ، چونکە جگە لە دەربڕینی مانا بنچینەییەکەی خۆی ، ئاماژە بە لایەنی نەبینراویش دەکات و هاوکاتیش لایەنی هەڵچوون و خەیاڵ کردنیش دەگرێتەوە . بەڵام لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات کە دەبینرێت .

**بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم**
**شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم**
**شریتی چی سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە**

**فلیمی پـــڕ لە ناسۆری هـــەرەس هـــێنانی لاویمە** ئەحمەد هەردی

ئەم جۆرە خستنە ڕووی چۆنیەتی ژیان و ڕابردوو ، قۆناغی لاوێتی لادانە لە باو و بیستراو ، لە زمانی ئاسایدا ( لوتکە بۆ چیا و شوێنی بەرز بەکاردێت نە بۆ گەنجێتی . شریت بۆ گرتەی سینەما و هاوشێوەکانی بەکاردێت نەک بۆ تەمەن . هەرەسهێنان بۆ بەفرە نەک بۆ تێکشکانی ئەزموونی لاوی ) .

**تا نـــەگریا ئاسمان و تـــەم وڵاتـــی دانـــەگرت**

**گوڵچەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی خونچە وا نەبوو** نالی

مرۆڤ دەگری نەک ئاسمان ئەمە لادانە ، مانا شاراوەکەی ئەم دێرە شیعرە دەربڕینی خەم پەژارەی شاعیرە بۆ کەسێکی ئازیز و خۆشەویست کە میری بابانە ، نیوە دێڕی دووەمیش دەربڕینی خۆشییە بۆ هاتنی میری نوێ کە کوڕی میری کۆچ کردووە ئەمە لادانی درکاوییە.

هیچ نووسەر و ئەدیبێک نابێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بە خۆی ، گەر لە زمانی ئاسایی لانەدات . ئەم لادانەش جگە لەوەی توانا و بەهرەمەندی نووسەر دەردەخات بەهایەکی زمانەوانی و ئێستاتیکی بە بەرهەمە ئەدەبییەکەشی دەدات .

**من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خواردەوە**

**بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات** سالم

شاعیر خەمی وەک خواردنێک چواندووە و خەمیش بە دەرد و نەخۆشی یان دوژمن چواندووە

هەرچەندە سنووری لادان لە باو فراوانە ، بەڵام لێکۆڵەران زیاتر لە ڕوانگەی زمانەوە سەیری دەکەن ، وای دەبینن کە شێواز لادانی زمانییە . ئینجا چ لادان بێت لە بەکارهێنانی باوی زمان ، یان لادان بێت لە خودی زمانەکە . واتە لادان لە ڕستەی ڕێزمانی .

ئەو دەقەی کە لادان لە باوی تیا بەرجەستە بووبێ ، ئەوا لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە بەرز دەبێتەوە . ئاشکرایە کە قورئانی پیرۆز بە زمانێکی بەرزی ئەدەبی داڕێژراوە . واتە بە زمانێکی دوور لە زمانی ئاسایی و باو داڕێژراوە . بۆیە چێژێکی بێ وێنە و ئاوازە و کاریگەری بێ سنوورە .

بۆ نموونە لە سورەتی ( النبأ ) ئایەتی ( 10 ) دا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (( **و جعلنا الليل لباسا**" )) . ئاشکرایە لباس – پۆشاک - یەکێ نییە لە تایبەتمەنێتییەکانی شەو ، وەک : ( تاریکی ، ترسناک ، ڕەش ، بێدەنگی ) . بەڵکو وەک خوازەیەک بەکارهاتووە و جوانی کاریگەری بەخشیوەتە ئایەتەکە . لێرەدا وشەی لیباس بۆ مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکار نەهاتووە ، بەڵکو بە شێوەی خوازە بەکارهاتووە .

لەگەڵ ئەمانەشدا کە خرایە ڕوو ، مەرج نییە هەموولادانێک لە باو شێوازی لێبکەوێتەوە و بە یەکێک لە خاسیەتەکانی ڕەوانبێژی دابنرێت . هەڵەی ڕێزمانی و ڕستەی تەواو نەکراو شێواز پێک ناهێنێت ، چونکە لادان لە باو لە ئەنجامی هەڵبژاردن و بژارکردنی کەرەستە زمانییەکان دێتە ئاراوە . کە نووسەر بۆ بینینی هەڵوێستێکی دیاریکراو لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە دەری دەبڕێت.

**ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر شێواز هەیە**

دوو هۆکاری سەرەکی کاریگەرییان لەسەر شێواز هەیە کە ئەوانیش :

**کەسیەتی نووسەر ، بابەتی نووسین.**

**1- کەسیەتی نووسەر**

=====================================================

کەسیەتی – الشخصیە - یەکێکە لەو پێوەرانەی کە کەسێکی پێ لە کەسێکی تر جیا دەکرێتەوە . هەر کەسێک خاوەنی کەسیەتی تایبەت بە خۆیەتی . چونکە کەسەکان لە ڕادە و چۆنیەتی هەست و سۆز و هۆش و ئاستی وشیاری و زیرەکی و سروشت و شێوە و باری دەروونی و جەستە و پەروەردەیی و بەهرە و ئەندێشە و خەم و خۆش و چین و توێژ و ژینگە و بژێوی و ڕەگەز و ئاین و نەتەوە و ... هتد جیاوازن . ئەمانە گشتیان کەسیەتی مرۆڤ ڕەنگرێژ دەکەن و کاریگەری خۆیانی لەسەر جێدەهێڵن و لە کەسیەتیدا ڕەنگ دەدەنەوە .

نووسەران و ئەدیبانیش ئەم کاریگەرییانەی نێو کەسیەتییان لە بەرهەمیاندا ڕەنگ دەدەنەوە و ئەمەش وا دەکات کەسێتی نووسەرێک لە نووسەرێکی تر و بە هەمان شێوەش شێوازی ئەدەبییان جیاواز دەبێت . کەواتە شێواز ڕەنگدانەوەی کەسێتی خاوەنەکەیەتی .

## 2- بابەتی نووسین

بابەتی نووسین لە جیهانی ئەدەبیدا ( ژانرە ئەدەبییەکان و ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە لەسەریان دەکرێت – ڕەخنە - ) دەگرێتەوە .

هەر ژانر و بابەتێکیش شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەگەڵ سروشتیدا دەگونجێ . بۆ نموونە شێوازی شیعر لە شێوازی پەخشان جیاوازە . لە نێو جیهانی شیعریشدا جۆرێک لە جۆرێکی تر جیاوازە .

شێوازی شیعری لیرکی – گۆرانی - لە شێوازی شیعری فێرکاری جیاوازە ، شێوازی کورتە چیرۆک لە شێوازی ڕۆمان جیاوازە . هەر بۆیە هەمەجۆری بابەتیش دەبێتە هۆی دروست بوونی هەمەجۆری شێواز

## جۆرەکانی شێوازی ئەدەبی، بە پێی دەربڕین

## یەکەم: شێوازگەری دەربڕینی، یان وەسفی

زاراوەی شێوازگەری دەربڕینی ، یان وەسفی لکاوە بە ناوی زانای سویسری شارل بالی (1865 ـ 1947) یەوە ، کە قوتابی زانای زمانەوانی بەناوبانگ "فاردیناند دی سوسیر"(1857 - 1913) ە . بالی بە دامەزرێنەری شێوازگەری دەربڕینی دادەنرێت . سۆسێر وای دەبینی کە زمان خولقێنراوی مرۆییە و بەرهەمێکی ڕۆحییە ، پەیوەندی کردن و سستمی ڕەمزەکانە کە هەڵگری فیکرەکانە . لەگەڵ فیکری تاکە کەسی ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵێشی تیایە کە جەوهەری کەمتر نییە لە فیکری تاکە کەسی .

## هەندێك لە تایبەتمەندێتییەکانی شێوازگەری دەربڕینی

1.شێوازگەری دەربڕینی بریتییە لەو لێکۆڵینەوەیەی کە لە پەیوەندی نێوان ڕوخسار لەگەڵ هزردا دەکۆڵێتەوە. پاشان بەراوردی دەکات لەگەڵ هزری گشتیدا .

2.شێوازگەری دەربڕینی لەناو چوارچێوەی زمانیدا دەرناچێت و لە وردەکارییەکاندا تێناپەڕێ و فاکتەرە دەرەکییەکان فەرامۆش دەکات . وەسفییەکی پەتییە .

3.شێوازگەری دەربڕینی بایەخی خۆی دەداتە بونیاد و ئەرکی لە نێو سستمی زمانیدا .

4.شێوازگەری دەربڕینی ،شێوازگەری کاریگەرییە، یان گرێدراوە بە زانستی دەلالەتی یان گرێدراوە بە لێکۆڵینەوەی واتایی

لەم چوار خاڵەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە شێوازگەری دەربڕینی زیاتر واتاییە ، یان بەو شێوازە ناوەرۆکی هەستیار و ویژدانی پێ دەردەبڕێت .

## دووەم: شێوازگەری کەسی، یان تاك، یان نموونویی

دوای شێوازگەری دەربڕینی شێوازگەری کەسی یان تاک یان نموونەیی لەسەر دەستی ( لیوسپیتزەر 1887 - 1960 ) هاتە مەیدانی ئەدەبیەوە و توانی گەشەبسەنێ و ئەو بۆشاییانەی کە شێوازگەری دەربڕینی دروستی کردبوون پڕی بکاتەوە و گۆڕەپانی ئەدەبیش بەرەو پێشەوە ببات و دەوڵەمەندی بکات . ئەم ئاڕاستەیە وەکو ڕەنگدانەوەیەک دژی شێوازگەری دەربڕینی هاتە ئاراوە .

شێوازگەری کەسی یان تاک یان نموونەیی زیاتر بایەخ دەداتە لایەنی هونەری دەق ، ئەمەش لە سنووری خودی دەقەکە و ئاستی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەمانە لە نێو سستمی زمانیدا دەبێت . پاشان بەرەو هۆکار و ئەگەری گرێدانی بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەچێت . شێواز شتێکی کەسی و خودییە ، بۆیە لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان کەس و دەربڕینەکەدا هەیە .

کەواتە شێوازگەری کەسی قۆناغێکی دیارو جیاکەرەوەیە لە دامەزراندنی شێوازگەری ئەدەبیدا. ئەم ئاڕاستەیە تێکستێکی بەهێز و بەهادار دەکاتە بابەت و دەچێتە نێو بونیادی زمانییەکەی و گرێی دەدات بە لایەنی چێژ بەخشین – لایەنی هونەری و ئەدەبی - کەسی و دواتریش ڕۆشنایی دەخاتە سەر کەسیەتی نووسەر و ئاستی ڕۆشنبیری و پێشینەی .

سپیتزەر وای بۆ دەچێت کە هەر دەربڕینێکی زمانی ، تایبەتمەندێتییەکی دەروونی دیار دەستنیشان دەکات. واتە تایبەتمەندێتی دەروونی تایبەت بە کەسێک لە شێوازی وتار یان نووسینی ویدا دەردەکەوێت . بۆیە دەڵێت : شێواز مرۆڤە . هەروەها سپیتزەر توانی شێوازگەری بکاتە پردێک لە نێوان زمانەوانی و مێژووی ئەدەبدا .

شێوازگەری کەسی یان تاک یان نموونەیی لەگەڵ شێوازگەری دەربڕینی لە هەندێ ڕووەوە لەیەک دوورن و لە هەندێ خاڵیشدا یەکدەگرن . بۆ نموونە تێڕوانینی شێوازگەری کەسی بۆ تێکست لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە بونیاد و ئەرکی لە سستمی زمانیدایە . واتە سروشتی ڕەخنەیی لەخۆ دەگرێت . لەبەر ئەمەیە کە بایەخ دەداتە زمانی وتاری ئەدەبی .

## هەندێك لە تایبەتمەندێتییەکانی شێوازگەری کەسی، یان تاك، یان نموونەیی :

1.شێوازگەری کەسی لە سروشتی خۆیدا ڕەخنەیە لە شێواز . لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان دەربڕین و کەسی دەربڕدا .

2.دەتوانین شێوازگەری کەسی وەکو لێکۆڵینەوەی پێکهێنەر هەژماری بکەین . نەک وەک لێکۆڵینەوەی پێوەری یان ڕاپۆرتی .

3.ئەگەر شێوازگەری دەربڕینی لێکۆڵینەوە بێت لە زمانی دەربڕین ، ئەوا شێوازگەری کەسی لە زمانی دەربڕین بەرامبەر بە قسەکەران دەکۆڵێتەوە .

4.شێوازگەری کەسی بەرەو سنووردار کردن و دەستنیشان کردنی هۆکارانە دەچێت . هەر لەبەر ئەمەشە کە بە پێکهێنەر هەژمار دەکرێت و دەچێتە خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە

## سێیەم: شێوازگەری ئەرکی، یان بونیادخوازی

ئەم جۆرەیان لە جۆرەکانی تری شێوازگەری بڵاوترە . بە بەردەوام بوونی بۆچوونەکانی سۆسێر دادەنرێت .

بونیادگەری پرۆگرامێکی فیکری ڕەخنەیی ماتریالی – مادی – ئاڵۆزە . بایەخ دەداتە هەموو لایەنێکی مەعریفی مرۆیی .ئەم پرۆگرامە پێی وایە کە هەموو دیاردەیەکی مرۆیی یان ئەدەبی بونیاد پێکدێنێت . پاش ئەوەی کە شیدەکرێتەوە بۆ ئەو ڕەگەزانەی کە لێی پێک هاتووە ، ئینجا دەتوانرێ دیراسە بکرێت ، دوور لە بەکارهێنانی هۆکاری دەرەکی ، وەکو فیکر و باوەڕی تایبەتی لێکۆڵەر و ژیانی نووسەر و مێژووی دەق .

لەم پرۆگرامەدا متمانەی تەواو دەکرێتە سەر بەڵگەنامە - ویقە – چونکە بونیاد لایەن و چوارچێوە نییە ، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەیە . تەنیا متمانە دەکاتە سەر خۆی ، پێویستی بە هیچ ڕەگەزێکی نامۆ بە سروشتی خۆی نییە .لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا هەڵچوون و بڕیاری ویژدانی دەستەوەسانە لە ئاست ئەنجامدانی ئەوەی کە لێکۆڵینەوی ڕەگەزە سەرەکییە

پێکهێنـەرەکانی بـە ئـەنجامی دەگەیـەنێت . بۆیـە دەبێـت لـە خـودی خۆیـدا بپشـکنرێ ، نـاوەڕۆک و ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی دەق بەشێوەیەکی بابەتیانە وەردەگیرێ و شیدەکرێتەوە . بۆ دۆزینەوەی ئەو سروشتە هونەرییە جێگیرەی کە تێیدایە لەگەڵ گشت ئەو هۆکارە دەرەکییانەی کە دەوریان داوە .

## چوارەم شێوازگەری سەردەم

لە مێژە گوتراوە : (( ئەدەب ئاوێنەی سەردەم و ڕۆژگارەکەیەتی )) . ئەو دەقەی نامۆ بێ بە سەردەمەکەی نامۆیە بە خوێنەر و خەڵکی ، ناسنامەی ئەدەبی پێنادرێ . دیارە سەردەمێک لە سەردەمێکی تر لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا جیاوازە . هەرسەردەمێک خاوەنی شەقڵ و تایبەتمەندێتی خۆیەتی . بۆیە دەقەکانیشیان جیاوازە . ئەو کۆمەڵە ئەدیب و نووسەرەی کە لە ڕۆژگار و سەردەمێکدا دەژین لێکچوون لە وشە و زاراوە و وێنە و شێوازیاندا دەبێت . قۆناغێکی ئەدەبیش لە قۆناغێکی تری ئەدەبی جیاوازە . شاعیران و ئەدیبانی هەمان قۆناغ زۆر شتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە چ وەک ناوەڕۆک چ وەک ڕوخسار . بۆ نموونە لە قۆناغی کلاسیکییەتدا زمانی هۆش و لۆجیک باڵا دەست بووە بە پێچەوانەی قۆناغی ڕۆمانتیکییەکەت کە زمانی هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ بە بابەتەکانی کردووە . بەمەش کەسایەتی خۆی دەربڕیوە . بۆیە ئەو وشە و زاراوە و ڕستە و وێنە کە لەسەردەمی ڕۆمانسییەتدا بەکار هاتوون جیاوازن لە وشە و زاراوە و ڕستە و وێنەی سەردەمی کلاسیکی . بە هەمان شێوە شێوازیشیان جیاوازە . هەر ئەمەشە چێژێکی جیاواز دەداتە شێوازی سەردەم .

کەواتە شێوازی سەردەم هەموو ئەو عەقڵە ئەدەبییانە دەگرێتەوە کە خاوەن ڕەسەنایەتییەکی زۆرن و لێکچوونێکی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا بە هۆی ئەوەی کە هەڵگری سیما و شەقڵی تایبەتی ڕۆژگار و سەردەمەکەیانن .

## پێنجەم: شێوازگەری نەتەوەیی

هەموو نەتەوەیەک خاوەنی سیما و تایبەتمەندێتی و خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لە نەتەوەکانی تر . نەتەوەکان لـە بـواری کۆمەڵایـەتی و سیاسی و ئـابووری و ڕۆشنبیری جیاوازن لـە یـەکتری . ئـەدەبیش ئاوێنـەی ژیـانی کۆمەڵـە . نووسـەران و ئـەدیبان بەشێکن لـە کۆمەڵگاو نەتـەوەکانیان . ئەدەبەکەشیان ڕەنگدانـەوەی کۆمەڵگا و نەتەوەکەیانـە . بـە ئاگـا بـێ یـان بێئاگـا گیـانی نەتـەوەیی تێکـەڵ بـە بەرهـەمیان دەبێت . سیما و تایبەتمەنـدێتی نەتەوەکـەیان لـە بەرهەمیانـدا ڕەنـگ دەداتـەوە . لـە دەقێکـی فارسیدا گیانی نەتەوەیی فارس دەبینرێت ، لە دەقێکی عەرەبیدا گیانی نەتەوەیی عەرەب دەبینرێت . بە هەمان شێوەش ئەگەر لە هێڵـی بـەیانی شـیعر و ئـەدەبیاتی کـوردی ورد بینـەوە هەسـت بـە شـێوازێک دەکـەین کـە دەقـا و دەق بەشـێکە لـە خاسـیەتە نەتەوەییەکانی کورد . بە تایبەتی لە بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی و بەرجەستە کردنی فۆلکلۆر و کلتوور و داب لاو نەری و شوێن لە دەقی ئەدەبیدا .

## شەشەم: شێوازگەری ئاماری

شێوازی ئاماری هەنگاوێکە بۆ بەزانستی کردنی ئەدەبییات ، وا دەکات کە سیمایەکی بابەتییانە بە لێکۆڵینەوەی شێوازگەری ببەخشێت . شێوازگەری ئاماری خۆی لە خۆیدا ڕێبازێکی سەربەخۆ نییە ، بـەڵکو بۆ خزمەت کردنی ڕێبـازێکی تـر بـەکار دێت . هەرچەندە ژمارەیەک لە لێکۆڵەران لەگەڵ ئەوەدا نین کە بابەتی شێواز بکەوێتە نێو چوارچێوەی ئامار و ماتماتیک ، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبیدا ، هەست و سۆز و بیر بکەوێتە نێو هاوکێشەی وشک و ئەمانە لەگەڵ بێچێژی و وشکی بیرکاری ناگونجێ . بەشێکی زۆری لێکۆڵەرانی تر لەگەڵ ئەو ڕایەدان کە ئامار وەک ئامرازێک بەکار بێت بۆ شیکردنەوە و ڕاڤە کردنی شێواز ، بە تایبەتی لە ئاستی زماندا بەکار بێت . کەواتە دەشێ ئامار سوودبەخش بێ بۆ ئەو مەبەستانەی ئاماژەی بۆ کرا ، بەڵام نابێتە ئامراز ، یان پێوەری ئێستاتیکی و بەهای جوانی دەق .

شێوازگەری ئاماری گرنگی دەدات بە لێکچوونی سیماکانی شێوازگەری و ڕێژەی ناو و ئاوەڵناو و کار و دووبارە کردنەوەیان لە نێو تێکستدا . ژمارەی پێکهاتە و جۆرەکانی بەهایەکی ژمارەی دەداتە دەستی لێکۆڵەر . بەهای ژمارەش لە لێکۆڵینەوەی شێوازدا بۆ دەلالەتی ئەدەبی شێواز بەکار دێت . یان بۆ جیاکردنەوەی شێوازی نووسەرێک لە نووسەرێکی تر .

ئامارکاری دەبێتە هۆکارێکی دیار و بەرچاو بۆ دەرخستن و دیاریکردنی هەندێک سیما و تایبەتمەندێتی تێکست و شێوازەکەی دیاری دەکات و دیسانەوە ڕێ نیشانی لێکۆڵەر دەدات کە چۆن لێکۆڵینەوەیەکی دروست بکات .

## بۆ چەند پیوانەیەك ئامار لە لێکۆڵینەوەی شێوازدا بەکاردەهێنریت، لەوانە:

1. بۆ ژمارەی بەکار هێنانی یەکەی جودای فەرهەنگی ، یان بۆ ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێک یەکەی دیار بەکار دێت .
2. بۆ ڕێژەی بەکار هێنانی هەندێک پێکهاتەی زمانی بەکار دێت ، وەکو : ( ئاوەڵناو ، کار ، ئاوەڵکار ) .
3. بۆ ڕێژەی پەیڤی کورت و درێژ بەکار دێت .
4. بۆ ڕێژەی کورت و درێژی ڕستەکان بەکار دێت .
5. بۆ جۆری ڕستەی سادە ، ڕستەی لێکدراو ئاوێتە ، ڕستەی کاری بەکار دێت .
6. بۆ ڕێژەی خوازە و مەجازی بەکار دێت .

هەر کاتێ هەر یەکێ لەو نیشانە زمانیانەی سەرەوە بە ڕێژەیەکی زۆر دووبارە بوونەوە . ئەمە وەک نیشانەی شێواز هەژمار دەکرێت . دەتوانین لە ڕێی ئەو ڕێژە بەکار هاتووانە گەلێک لایەنی شێواز بخەینە بەرچاو. ئەو ڕێگایە وەکو فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ دیاری کردنی شێوازی تێکست و دیاری کردنی بلیمەتی داهێنەر بەکار دێت ،یان شێوازی نووسەرێکی پێ لە نووسەرێکی تر جیا دەکرێتەوە.

## لێکۆڵەری شێوازگەری لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئامار بۆ مەبەستی :

1. یارمەتی هەڵبژاردنی نموونەکان دەدات ، هەڵبژاردنێکی ورد و دروست بۆ دیاری کردنی شێوازی نووسەرێک و جیاکردنەوەی لە شێوازی نووسەرانی تر .
2. پێوانەی تایبەتمەندێتی شێوازگەرییەکی دیاری کراو .
3. پێوانەی تایبەتمەنێتی لای نووسەرێکی دیاریکراو ، یان لە بەرهەمێکی دیاری کراودا .
4. پێوانەی ڕێژەی دووبارەکردنەوەی تایبەتییەکی زمانی لەگەڵ دووبارەکردنەوەی تایبەتمەندێتییەکی تر بۆ بەراورد کردنیان لەگەڵ یەکتردا .
5. یارمەتی دەرە بۆ ناسین ، یان دیاری کردنی دووبەرەکی – نزاعات – سەنتەری لە نێو تێکستدا

کەواتە دەست نیشان کردن و پشکنینی شێوازگەری بزاڤێکی شرۆڤەکەرە لێکۆلەر پێی ڕادێ . ئامانجی بینین و ئاشکرا کردنی ناسنامەی شێوازگەری تێکستە .

## پەیوەندی شێوازگەری بە بابەتەکانی تر

شێواز گەری پەیوەندی بە گەلێ بواری دیکەی ئەدەبی داهێنراو و ئەدەبی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ترەوە هەیە،لەخوارەوە پەیوەندی شێوازگەری لەگەل هەندێ لەوبابەتانە دەخەینە بەرچاو :

## یەك: پەیوەندی شێوازگەری بەزمانەوانی

چەمکی شێوازگەری هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە لە سەدەی بیستەمدا پەیوەست بووە بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەوە . سپیتزەر پێی وابوو که دەبێت خاڵی دەستپێکی لێکۆڵینەوەی شێوازگەریی زمان بێت .

شێوازگەری لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانی نوێ درووست بووە ، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانیش لقێک بووە لە لقەکانی ئەو زمانەوانییە ,بۆیە یاکبسن دەڵێت : شێوازگەری هونەرێکە لە هونەرەکانی درەختی زمانەوانی نوێ .

بەڵام بۆ ئێستا شێوازگەری پرۆگرامێکی سەربەخۆیە.بۆیە دوای یاکبسن , میشال ئاریفای دێت و دەڵێت : شێوازگەری واتەوەصفی دەقی ئەدەبی ,بە پێی هەندێ ڕێگەوە ، کە لە زمانەوانی نوێوە هەڵهێنجراون .

پاش ئەوە ڕێڤاتێر دێت ، ئەویش بە شێوەیەکی دیکە پێناسەی شێوازگەری دەکات و دەڵێت : زانستێکە ئامانجی ئەوەیە ، ئەو ڕەگەزە تایبەتییانە ئاشکرا بکات . کە بە هۆیانەوە نووسەر دەتوانێت چاودێری ئیدراکی ئازادانە لە لای خوێنەر بکات . بە واتا : شێوازگەری بریتییە لە پەیوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر و پەیام . کە بە هۆی زمانەوە دێتە دی .

زمانەوانی نوێ کە هات ، بۆ ئەوە بوو ، بە شێوەیەکی وەسفی لە زمان بکۆڵێتەوە ، شێوازگەریش بە هەمان شێوە وەسفی ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی شێوازی زمانی دەکات و زەقیان دەکاتەوە ، کەواتە لەم ڕووەوە هەردووکیان لە یەک نزیکن ، بەڵام دیارە زمان بەرەو پێش دەچێت و وشەو دەربڕینی کەم و زیاد دەکات ، هەندێکیان گۆڕانیان بەسەردا دێت ، شێوازگەریش هاوڕەوتی ئەو پێشکەوتنە بەڵام بە ئاراستەیەکی جیاواز دەچێتە پێش ، بۆیە سەرەنجام شێوازگەری و زمانەوانی نوێ لێک جیادەبنەوە ، بۆ نمونە : زمان هەر زمانە ، بەڵام شێوازی سەردەمی کلاسیزم شیعری بە زیاتر لە زمانێک دەنووسی و فەلسەفە ئێستێتیکیەکەی لەوە قووڵدەبوویەوە ، کە شاعیرەکە لە زیاتر لە زمانێک و بە ڕوونی لە چوار زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی تورکی شارەزا بێت و وشەو دەربڕینەکانیان بەکار بهێنێت ، بەڵام شێوازی سەدەی بیستەم ئەوەی ڕەتکردەوە و ئەوەی سەپاند ، کە شیعر دەبێ بە زمانی پەتی کوردی بنووسرێت ، کە چی ئەگەر زمانەوان لە زمانی ئەو قۆناغانە بکۆلێتەوە ، بنیاتە زمانییەکە هەر یەکە و جیاوازییەکی زۆر کەمتری بەسەر داتووە ، ئەگەر بەراوردی بکەین ، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی بەسەر شێوازە زمانییەکەدا هاتووە .

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ڕووی ئامانج و ئەنجامەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان زانستی زمان و شێوازگەریدا . وەسفی زمانەوانی هەڵهێنجانی ڕێساکانی سەپاندنی دەربڕینەکان لەخۆ دەگرێ . بەڵام لە شێوازگەری و لە شیکاری شێوازیدا - تحليل الاسلوبی - ئامانجی گەورە هەڵهێنجانی ڕێساکان نییە . بەڵکو مەسەلەی ناواخنییە یان تێهەڵکێشکراوە . واتە دەرخستنی تایبەتمەندێتی خودی شێوازەکەیە . لە ڕاستیشدا ئامانجی شیکاری شێوازی دیاری کردنی تایبەتمەندێتییە زۆر دیارەکانی شێوازێکی دیاری کراوە .

## شیکاری شێوازگەری مامەڵە لەگەڵ سێ ڕەگەزدا دەکات :

**ڕەگەزی زمان** : زمان فاکتەری دەربڕینی بیر و فیکرە .

**ڕەگەزی سوودمەندی** : ئەم ڕەگەزە وا دەکات کە جگە لە زمان پێویستە وتراوە نا زمانییەکانی پێویستە ئەمانەش بخەینە حساباتمانەوە ( دانەر ، خوێنەر ، هەڵوێستی مێژوویی ، ئامانجی پەیامەکە ...هتد ).

**ڕەگەزی جوانکاری ئەدەبی** : کاریگەری دەق لەسەر خوێنەر دەدۆزێتەوە و ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی ئەدیبان بۆی دیار دەخات .

## ئەو ڕەهەندانە کە لە هەموو دەربڕینێکی زمانیدا هەیە :

<u>بابەتی گفتوگۆ</u> : هەر شتێ کە قسەی لەسەر بکرێ .

**لایەکان - الاطراف** - بە مانای وتەبێژ و قسەکەر .

**کرداری قسەکردن** . بە مانای زمان کە پەیامەکەی پێ دەگەیەنرێ .

**داڕشتنی شیعری** ، ئەو زمانە شیعرییەیە کە پەیامەکەی پێ دادەڕێژرێ .

**پەیام و مەبەست** ، کە ئەو شێوە و داڕشتنەی تیایە کە بابەتی گفتوگۆ و ناوەرۆک پێشکەش دەکات . بەم شێوەیە مادەی گفتوگۆ ڕێک دەخرێت .

ئەم پێنج ڕەهەندەی لە سەرەوە خرایە ڕوو دەچنە نێو زمانی شیعرییەوە . هەروەکو دووبارە چۆن دەچێتە نێو قسەی ئاساییەوە . بەڵام ئەم ڕەهەندانە لە زمانی شیعریدا ملکەچی سستمێکی پێچەوانە دەبێت ، هەندێ لەو ڕەهەندانە ئەرکی جیاواز لە کرۆکیدا لەخۆ دەگرێ . ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێشەرە ئەوەیە کە لە دووتوێی هەریەکێک لەو ڕەهەندانە تایبەتمەندێتی گەوهەری شیعرییان لەخۆ گرتووە .

ئامانجی گشتی لە لێکۆڵینەوەی شێوازی وەستاوە لەسەر بیروباوەڕی زانستی زمانی پراکتیکی . لێکۆڵینەوەی شێوازگەری پرۆگرام و بەرنامە و لێکدانەوەی زمانی دەکاتە چەقی خۆی .

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە : زمان دەربڕینە ، شێواز دەرخستنە . کەواتە پەیوەندییەکی هاوسەنگ هەیە لە نێوان ئاستی بواری زمانی وشێوازی .

## دوو :پەیوەندی شێوازگەری بە ئەدەب

یەکێک لە ڕەگەزە بەرهەمهێنەرەکانی ئەدەب شێوازە ,ئەدەب دێت لە ڕێگەی هۆکارەکانی خۆیەوەی دەربڕینێک بەرهەم دێنێ ,دەشێ یەک واتا بێ و بە چەندین شێوازەوە خرابێتە ڕوو ,یانیش یەک ڕستە بێ و بە چەندین واتاوە خرابێتە ڕوو .کەواتە : ئەدەب ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستبوونی شێوازی لە یەک جیاو ,شێوازگەریش لە جۆری ئەو شێوازانە دەکۆڵێتەوە,کە لە دوو توێی دەقە ئەدەبییەکان دەردەکەون , ئەگەر ئەدەب نەبێ شێوازیش نابێ و ئەگەر شێواز نەبێ شێوازگەریش نابێ.

کاری ئەدەبی سەرکەوتوو نابێت گەر نووسەر نەتوانێ بە تەواوی ئەو ئەزموونە هەستییەی پیا تێپەڕیوە وێنای بکات ، وە بە شێوەیەک دەریببرێت کە دەروون و ناخی بەرامبەر بهەژێنێت و هەڵچوونێکی کاریگەری لا دروست بکات و هەمان هەستی نووسەری لا دروست بێ . ئەمەش بە هۆی بوونی هەندێ ڕەگەزەوە لە کاری ئەدەبیدا دروست دەبێ :

ڕەگەزەکانی کاری ئەدەبی ئەمانەن : ( ڕوخسار ، ناوەرۆک ، شێواز ) . ناتوانرێت ئەم ڕەگەزانە لە یەکتری جیا بکرێنەوە لەبەر ئەوەی یەکەیەکی پەیوەستن .

## سیفاتی شێواز :

**ڕوونی :** کاتێک ئەمە دێتە دی کە خوێنەر بە ئاسانی لە دەقەکە تێبگات .

**بەهێزی** : شێوازی بەهێز دەربڕینی هەڵچوونێکی بەهێزی نووسەرە ، کە هەڵچوونێکی بەهێز لای خوێنەریش دروست دەکات و دەیهەژێنێ . باشترین دەربڕینیش ئەوەیە کە بە کەمترین وشە گەورەترین مانا ببەخشێ .

**جوانی** : دەبێت نووسەر ڕەچاوی زەوقی ئەدەبی بکات . لە ڕێی قوڵترین ماناوە ، کورترین دەربڕین پێشکەشی بکات . دوور لە زیادە ڕەوی و زۆر لەخۆ کردن . تا خوێنەر چێژی لێببینێ .

## شێوازەکانی گەیاندنی ئەدەبی

نووسەران و ئەدیبان بۆ دەربڕین ، یان چارەسەر ، یان گەیاندنی ئەوەی کە دەیانەوێت بیگەینە خوێنەر یەکێک یان پتر لەم چوار ڕێگەیە بەکار دێنن :

**راڤـە کـردن** : راڤـە کـردن وەڵامدانـەوەی پـرس یـان پرسـیارێکی واقیعـی یـان خەیاڵییـە . بـۆ خسـتنە ڕووی واقیـع و ڕووداوە ڕاستەقینەکان و شیکردنەوەی چۆنیەتییان و سوود و زیان و مەترسی و کاریگەری و گرنگییان .

**گفتوگۆکردن** : بەم ڕێگەیە نووسەر دەیـەوێت قەناعـەت بـە خوێنـەر بکـات بەرامبـەر بـە هەڵوێسـتێکی دیـاری کـراو ، یـان پـاڵ بـە خوێنەرەوە دەنێ کە بەشداری بکات لە بۆچوون و تێڕوانینێکی خۆیدا و دووری بخاتەوە لە بۆچوون و تێڕوانینی خوێنەر خۆی ، بۆ پێکانی ئەم ئامانجەی هۆش و سۆزی خوێنەر دەدوێنێ .

**وەسف کردن** : ئەو شتەی کە نووسەر مەبەستییەتی ڕۆشنایی بخاتە سەر و دەیەوێت خوێنەر ببینێ و بیهێنێتە بەرچاوی ، وەسفی دەکات . لە وەسفدا نووسەر هەستەکانی بینین و بیستن و چێژ و بـۆنی خوێنـەر دەدوێنـێ . تـەنها لـەو کاتـەدا وەسـف سـەرکەوتن بەدەست دێنێ کە خوێنەر هەست بە گرنگی بابەتە وەسف کراوەکە بکات و ئەو وەسفە ببێتە ڕاڤەی شتێکی تری دیاری کراو بـۆی ، کەواتە نابێت وەسف تەنها ببێتە هۆکارێکی جوانکاری و بارێکی زیادە لەسەر دەقەکە .

**گێڕانەوە** : گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بۆ خوێنەر . گەر وەسف وێنە بێت بۆ خوێنەر ، ئەوا گێڕانەوەی وێنەی جوڵاوە . ئەم ڕێیە پتر بابەتەکە دەگەیەنێتە خوێنەر و لە مێشکیدا تۆماری دەکات . بە تایبەتی لە هونەرەکانی گێڕانەوەیی و چیرۆکە شیعر .

زۆر جاریش شاعیران و ئەدیبان بۆ دەربڕینی مەبەست و چارەسەری ئەو پرسەی دەیخەنە ڕوو زیاتر لە یەکێک لەو ڕێیانەی سەرەوە یان هەر چواریان پێکەوە بەکاردێنن . هەندێ جاریش جۆری بابەتەکە ئەو ڕێیە دیاری دەکات کە بـۆی دەشـێ و پەسـەند ترە بۆی.

## شێواز و جیهانی نووسەران :

ناتوانرێت بە تەواوی کاری ئەدەبی لە جیهانی خاوەنەکەی دابـڕێ . لێکۆڵـەر بـۆ شیکردنەوە و یەکاڵاکردنـەوەی هەنـدێ لایەنی دەق پێویستی بە شەن و کەوی جیهانی دەرەکی و ناوەکی خاوەن دەق هەیە تا بگاتە ڕاستییەکان و دیاری کردنیان .

**جیهانی دەرەکی نووسەر** : هیچ نووسەرێک لـە بۆشـایدا نـاژی و نانووسـێ ، بـەڵکو ئـەو ڕۆژگـار و سـەردەم و کۆمەڵگایـەی تیای دەژی ، لەگەڵ نووسەران و ئـەدیبانی دەرەوە و نـاوەوەی سـەردەمی خـۆی کـاری تێدەکـەن . ڕەوتـی ژیـان و بـاری ڕۆشـنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوروبەری نووسەر جێ پەنجەی خۆیان لەسەر کاری ئەدەبی جێدێڵن .

**جیهانی ناوەکی نووسەر** : ئـەم جیهانـە پێکـدێت لـە جـۆری پـەروەردە و ڕابـردوو و توانـا و ئاسـتی ئـابووری و ئـارەزوو و کەموکوڕی جەستەیی کە ڕەنگە پێوەی بنـاڵێنێ ، یـان پەیوەندییـە تایبەتییـەکانی نووسـەر ، لـەناو خێـزان و لەگـەڵ هـاوڕێ و دوژمنان. ئەمانە دەبنە مادەی هونەرەکەی .

**هەڵوێستی نووسەر** : ناتوانین حوکمی گشتی و کۆتایی بـدەین بەسـەر کارەکـانی نووسـەرێکدا تـا هەڵوێسـتی بەرامبـەر ژیـان نەزانین . واقیعین ، یان خەیـاڵین . ڕۆمانسین ، یـان بـە پێچەوانـەوە . چونکە نووسـەرە خەیاڵییـەکان سەرسـامن بـە گشت شتە ناباوەکان و سەرنج ڕاکێشەکان و سەرکێشی و نامۆ ، چ لە مرۆڤ و چ لە سروشتدا . لە هەموو کار و هزرێکی تەقلیدی هەڵـدەچن . دووپاتی گرنگی تاک دەکەنەوە . بەڵام واقیعییەکان چارەسەری پرسە باوەکان دەکەن . هەوڵدەدەن ڕووداوەکانی جیهانی واقیعی چۆن دەیبینن وەها تۆماری بکەن ، هەتا ڕووە ناشرینەکانیشی دەردەخەن و نایشارنەوە . حەز دەکەن هزرەکان وەک بەڵگەی بابەتی پێشکەش بکەن .